# گرنگی و جوانی ئاوێنەكان لە دیكۆری ماڵ





هەنگاوەكانی گرنگی دان بە كەرەستە و جوانی ماڵ كۆتایی نایەت، دەكرێت لە كەرەستە سادەكان دەست پێبكەین و تاوەكو دیكۆری ماڵەكەش گرنگی پێدانی پێویستە. تەنانەت دانانی ئاوێنەیەك دەبێتە رێگەیەك بۆ زیاتر جوانی و رازاوەیی لە دیكۆری ماڵ، بەمەش ئاوێنە گرنگی و تایبەتمەندی دەردەكەوێت و بە جوانترین شێوە دەكرێت دابنرێت. ئاوێنە دەتوانێت چەندەها سوودی لێ وەربگیرێت لەوانە: رەنگدانەوەی رووناكی — دەركەوتنی دیمەنی بەرامبەر ئاوێنەكە — بۆ لەبەر جوانكردنی مرۆڤ. چەند لایەنێكی تایبەت هەن بۆ دانانی ئاوێنە لە ماڵەكەت، ئەمەش پێویستی بە وریایی و ئاگاداربوون هەیە كە ئەوانەن : نابێ ئاوێنە رووی لە رووناكی بێت، چاكترە رووناكی لەلایەكی ئاوێنە بێت، مەبەستمان رووناكیە بەهێزەكانە. دانانی رووناكییەكی بچووك لەبەردەم ئاوێنە زیاتر رەنگدانەوەی رووناكییەكە دەبێت، هەر رەنگێك بێت هەمان رەنگ دەردەخاتەوە.

## بلووزەكان وەك جلێكی سەرەنجراكێش و رازاوە



لەگەڵ وەرزی سەرما، پێویستیمان بە خۆڕازاندنەوە و جوانییەكی گەورە دەبێ، بەمەش دەبێ مامەڵە لەگەڵ ئەو جلوبەرگانە بكەین، كاتێك لەگەڵ جوانی و سەرمای وەرزی زستان دەردەكەوێت. بۆیە دەبێ جلەكان رەنگدانەوەی جوانی ئەو وەرزە بن و هێمایەكی تایبەت بدركێنن. بلوزە جوانەكان هەردەم شایستەی خانمانی جەستە جوان و ناسك دەبن، تەنانەت گشت خانمێك دەتوانێت بلووزی لەم جۆرە بپۆشێت، بە جۆرێك ببێتە جێگەی جوانی و رازاوەیی لەسەر مۆدەی جلوبەگ و جەستەدا، شێوەی ئەو بلووزانە وەك بۆدی دەوەستێت لەسەر جەستە، تەنیا نەخش و شێوەكەی جیاوازترە لە مۆدەكانی دیكەدا، دەكرێ بە تەنیا یان لەگەڵ پۆشاكی دیكە بپۆشرێت.



# ملوانکە ناسکەکان بۆ ڕازاندنەوەی خانمان



ئێکسســـوارەکان دەبێ لە جوانترین شـــێوازدا دەربکەون، بە مانای زیاتر ڕازاوەیی و کراوەیی لەسەر جەستە و جلی خانمان، بەمەش دەتوانین سوود لە ئێکسســـوارکان وەربگرین بۆ ئەوەی بە جوانترین ڕێگە گونجاندنێك دروست بکەین نێوان ئێکســـوار و جەســـتە و جلەکان.

یەکێك لـــەو ئێکســـوارە گرنگانە بریتییە لە (ملوانکە)یـــە، بۆ جوانی و ڕازانەوەی مل و بەشـــی سەرەوەی جەستەی خانمان دادەنرێت، تەنانەت دەتوانێت شێوەیەکی بەرچاو و ناسك بە جەستەی خانمان بدات، لە کاتێکدا لەچەندەها حاڵەت دەپۆشرێت، وەك: لەگەڵ بـــە ســـادەیی و گونجاندنی لەگەڵ جەستە، یان گونجاندنی لەگەڵ جلوبەرگەکان.



# ڕازاوەیی لە پێڵاوی خانمانی بووک

خانمانی بووك دەبێ بە جوانترین شـــێواز دەربکەون لە گشـــت ستایلەکان بە مەرجێك گشت لایەنەکان لە پێشوودا کاری جوانترین و تازەترین کەرەستە و جوانییەکی کراوە لە گشت بەشـــەکان دیاری بکرێت. تەنانەت دەبێ لە ئێکســـوار و کەرەســـتە سەرەکی و نـــا ســـەرەکییەکانی تایبـــەت بە بووك گرنگیان پێبدرێت و ڕێگەیەکی شایستەی لێـــوە بەدی بکرێت. یەکێك لەو کەرەســـتە پێویســـتانە بریتییە لـــە (پێڵاوی خانمانی بووك)، چەندەها مۆدە و شـــێوازی تایبەت لە پێـــڵاوەکان بەدی دەکرێت، زیاتر ڕەنگی پێـــڵاوی خانمانی بووك لە ڕەنگی ســـپی دەبێ، بۆیە نەخشەکان بە جوانی دەرناکەون. بەمەش دەتوانین سوود لە خوودی پێڵاوەکان وەربگرین لە جیاتی نەخش و ستایلەکەی، بەم جۆرە خانمانی بووك بە پێڵاوێکی ڕازاوە خۆشییەکانیان بەڕێ دەکەن.






# یەک ڕەنگی لە ماکیاژ جوانترت دەکات



مۆدەکانی ماکیـــاژ ژمارەیەکی زۆریان هەیە و هەر یەکە بۆ کات و شوێنی تایبەت ئامادەکـــراوە، بە جۆرێك دەکرێت ســـوود لە گشت جۆرە ماکیاژەکان وەربگرین و ئەمەش لە ڕێگـــەی وەرگرتنی مۆدەکانی دیکە، بە گوێرەی ئەو ڕووخسارە دەوەستێت کاتێك جۆرە ماکیاژێکی بۆ هەڵدەبژێردرێت، لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرە لە جۆری ماکیاژەکان، دەتوانین ســـوود لەم جۆرە ناسك و جوانە وەربگرین بۆ جوانی خانمان. جوانی ئەو ماکیاژە لە بوونی یەك ڕەنگی لە سەرتاپای ماکیاژەکە بەدی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی ڕەنگەکان تێکەڵاو و نزیکن لە یەکتر، توانراوە سوودێکی تایبەت وەربگیرێت لە دانانی ڕەنگەکان بەپێ گرنگی و جوانی گشت لایەنێکی ڕووخسار، لەوانە : ڕەنگی تۆخ بە پشت چاوەکان دراوە و کەچی هەمان ڕەنگ بە سادەتر لەسەر ڕوومەتەکان بەدی دەکرێت.









# مریشک و کەڵەشێرە سەیرەکان

دیکۆرەکان هەر یەکـە پابەندە بە جوانی ئەوش شێوازەی لەسـەری ئامادە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی نەخشێکی تایبەتی پێویستە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە گشـت لایەنەکانی دیکـۆرەکان بە جوانییەکـی تایبەت و کراوە دەربکەوێت، لە دیکـۆری ماڵەکان چەندەها لایەنی گرنـگ هەن، لەوانـە: ڕەنگەکانی دیکۆر – شـێوەی دیکۆر – ڕێکخسـتنی کەرەستەکانی دیکۆرەکان. لێرەدا باس لە چەند ڕەنگێك دەکەیـن، دەکرێت جوانترین ڕەنگ و دیکۆری لێوە ئامادەبکرێت، ئەویش ڕەنگەکانی (وەنەوشەیی – شـین – قاوەیی کراوە)، بە

# بەندیخانە یـــان گازینۆ!





دوو تێڕوانین هەن دەربارەی بەندینخانەکان، یەکێکیان دەڵێت: دەبێ بەندینخانە جێگەیەکی تونـد و بە ئازار و ناخۆشـی بێ، بۆ ئەوەی تاوانبار هەست بە ناخۆشی و پەشیمان بوونەوە بـکات تا لـە داهاتوو بۆی ببێتە دەرسـێك کارەکەی دووبـارە نەکاتەوە، مەبەسـت وەك چاکسـازییەکی توند، ئـەوەی دووەم دەڵێت: دەبێ بەندینخانە جێگەیەك بێ بۆ خۆشـی و کامەرانی بۆ ئەوەی کەسەکان چاکساز بکات و دووبارە بەکاری چاکەیان شـاد بکاتەوە. لە وڵاتی هەنگاریا سـەیرترین بەندینخانە هەیە، لەسـەر تێڕوانینی دووەم دانراوە، مەبەسـت لەسـەر خۆشی و شـادی، ئەو بەندینخانەیە وەکو ئوتێلێك وایە، گشـت شتێکی بۆ خۆشی و کات بەسەربردن ئامادەکراوە و تەنانەت باڕ و گازینۆش لەم بەندینخانەیە هەیە.



# هاوسەرێکی بێ

لە وڵاتی ئێـران دوو بە بەهرەترین و سەیرترین هاوسـەر هەن، هەر یەکەیان لەگەڵ ئەوەی دیکـە ژیانێکی خۆش بەسەر دەبەن و لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان کەم ئەندامن، ئەحمەدی پیاو و فاتمەی خاتوونی ماڵ، دوو هاوسـەرن، ئەحمەد بەبـێ دەسـتەکانی دەژیێـت. لەگەڵ ئەوەشـدا ئافرەتەکە بەبـێ قاچەکانی







ڕێکخستنی هەنگاوەکان بۆ ئەوەی هەر لایەنێك لە کەرەستەکان و ڕەنگەکان لە نزیك یەکتر بێت و جوانییەکی تەواو بە دیکۆر ببەخشێت، بە مەرجێك گشت ڕەنگەکان دیار بکەوێت.

## ...ی قاچ و دەست

دەژیێت. هەردوو هاوسەرەکە ڕۆژانەی ژیانیان بەسەر دەبەن و هەر یەکە بە جۆرە کارێکی ماڵەکەی خەریکە، بۆ ئەوەی کاروباری خۆیان بەخۆیان بەڕێوە ببەن و کەسێکیش یامەتیان نادات، بە هەردووکیان مرۆڤێکیان پێکهێناوە، پیاوەکە بە قاچەکان و ئافرەتەکەش بە دەستەکان.





# ئوتۆمبێلە سەیرە بچووکەکان



ئوتۆمبێلە بچووکەکان تا ئێستاش بە مۆدەیەکی گرنگ و تایبەت دەناسرێن، تەنانەت ئوتۆمبێلە مۆدە تازەکان زۆربەیان بە شێوەیەکی بچووك دروست دەکرێن و، ئەمەش وەك کەرەستەیەکی ئابووری، هەروەها بوونی شوێن بۆ ڕاگرتنی لە هەر شوێنێکی تایبەتدا.

ئەو دوو ئوتۆمبێلە دەبن بە نموویەکی تایبەت بۆ ئەوەی بە جوانترین شێواز دەربکەوێت و دروست بکرێ، ئەوەی سەیر بێ زۆربەی ئەو ئوتۆمبێلە بچووکانە بە وزەی کارەبا دەڕوات لەوەی بە بەنزین یان بە هێزی دیکە کاربکات.

ئوتۆمبێلی لەم جۆرە جێگەی تەنیا دوو کەس دەبێتەوە و چاکترە بۆ کەسێك بێت نەوەك زیاتر!



# پێڵاوی زێڕ وەک دیاری بۆ خانمان

لە کاتێکدا دیارییەکان لە جیهان بەرەو نرخ و بەهایەکی خەیاڵی ڕێگە دەگرن، بەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین حاڵەتەکان لەوەی چۆن دیارییەکان بەم ئاستە بگات. یەکێك لەو دیارییە گەورانە ئەو پێڵاوەیە کە لە وڵاتی هیندستان دروست کراوە و تا ئێستا پێڵاوی ئافرەتانەی لەم جۆرە دروست نەکراوە و بەمەش دەبێتە سەیرترین پێڵاو بۆ ئەوەی بکرێت بە دیاری.

ئەم پێڵاوە لە زێڕ دروست کراوە، کێشی نزیکەی (١) کیلۆگرام دەبێ، ئەوەی سەیر بێت نرخی دەگاتە (٥٧) ملیۆن دۆلار، تا ئێستا دوو داواکاری لەسەرە بۆ ئەوەی بکرێت و بکرێت بە دیاری بۆ ئەو خانمەی بۆی ئامادەکراوە.





## زەرافەکانیش دڵداری دەکەن

خۆشەویستی و باوەشپێکدادان تەنیا لەلای مرۆڤ نییە، بۆیە وادیارە لەلای گیاندارەکانیش دەرکەوتووە و بە جۆرێك وەك ئەوەی دوو خۆشەویست بن و لە باوەشی یەکتر بن. دیمەنێکی جوان و سەیر، بریتییە لە دوو زەرافە هەر یەکە لە ملی ئەوەی دیکە ئاڵاون و وەك ئەوەی خۆشەویست بن.

دیمەنەکەش راستەقینەیە و لە وڵاتی فنلەدا وەرگیراوە. ئەوەی سەیر دوای وێنەکە دوو پسپۆری بواری گیانداران، بەدواداچوون لە بارەی ئەو دوو زەرافەیە دەکەن لەوەی بزانن چ پەیوەندییەك هەیە نێوانیان. بۆیان دەرکەوت ئەو دوو زەرافەیە لە دوو رەگەزی نێر و مێ پێکهاتوون، وادیارە بوون بە کەپڵ!



## پەنجە خواردن لە جـ


ئەوەی دەیبینن دەبێتە سەیترین جۆرە هاوسەرگیری، بە جۆرێك دەبێتە جێگەی قیزەونی نەوەك جێگەی خۆشی و پیرۆزبایی، لەلای زۆربەی نەتەوەکانی جیهان هاوسەرگیری لە رێگەی گۆڕینەوەی ئەڵقەی پەنجەکانی دەستە.

کەچی لەلای هۆزێکی سەیر لە باشووری وڵاتی کەنەدا، سەیرترین جۆرە



## نمایشی جلوبەرگ بۆ سەگەکان

کاری نمایشکاری ئەمڕۆ لە جیهاندا بۆتە بوارێکی پێشکەوتوو لەگەڵ ئەو ناوبانگییەی هەیەتی، تەنانەت بوەتە رێگەیەکی وەدەستهێنانی لایەنێکی ئابووری گرنگ لە وڵاتانی جیهان. نمایشی جلوبەرگ بە چەندەها شێوە و جۆر ئەنجام دەدرێت، کەچی وادیارە گیاندارانیش لاسایی مرۆڤ دەکەنەوە لەوەی نمایشی تایبەتی ئەنجام بدەن. لە شاری کۆبنهاگن لە وڵاتی ئەڵمانیا سەیرترین نمایشی جلوبەرگ بۆ گیانداران ئەنجام درا، ئەمەش بووە هۆی ئامادەبوونی خەڵکانێکی زۆر، نمایشەکەش تەنیا بۆ گیانداری سەگ بوو، بە چەندەها جلوبەرگی تایبەت و کراوە و جوان، بۆ هەر یەك لە سەگەکان نمایشێکی تایبەتیان بۆ ئەنجامدرا.



## دوو منداڵی جمك و بەیەکەوە جیاکرانەوە

دوای ئەوەی ئەو دوو منداڵەی لە وڵاتی هیندستان لە دایك دەبن، هەردووکیان لە سەریانەوە بەیەکترەوە دەبن، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە حاڵەتەکانی جمکەکانی بەیەکەوە، ئەم حاڵەتە دەبێ چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی هەر یەکە لە منداڵەکان جیاواز و سەربەخۆ بێت لەگەڵ ئەوەی دیکە. دوای دانانی نەشتەرگەرییەکی قوڵ، توانرا هەردوو منداڵەکە جیابکرێنەوە.

لە سەرەتادا حاڵەتی ئەو دوو منداڵەیان بە مردن دانا، کەچی لە دواتر پزیشکێکی تایبەت ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی ئەو دوو منداڵە رزگار بکات، بۆیە قسەکەی هێنایە دی و هەردوو جمکە منداڵە بەیەکترەکەی جیاکردەوە!









# ماوس یان مشکی راستەقینە

وەك دەزانیـــن بەو ئامێـــرە جووڵێنەرەی هێمایەکەی ســـەر شاشـــەی کۆمپیوتەر دەگوترێت (مـــاوس)، بـــە کوردیەکەی خۆمان واتە مشـــك، چونکە شـــێوەی لە مشك دەچێت و بەهۆی بوونی ئەو وایەرەی لە دواوەی ئامێرەکەدا هەیە.

کەسیش نازانێ چۆن ئەو ناوە لەم ئامێرە بچووکە نراوە ماوس.

کەچی ئەگەر ســـەیری ئـــەو حاڵەتە بکەین دەبینین مشکێکی راستەقینە بۆتە ماوســـی کۆمپیوتەر، ئێوەش دەتوانن ئەو کارە ئەنجـــام بدەن و کارێکی لەم جۆرە لە رێگەی هێنانی مشـــکێکی مردوو، دواتر ناوەوەی ئامێرەکە دەردەهێنرێت و دەخرێتە ناو پێســـت یان بەرگی دەرەوەی مشـــکە مردووەکە. وەك یەکەم تاقیکردنەوە توانراوە کارێکی لەم جۆرە ئەنجام بدرێت و ماوس لە راستەقینەی مشکێك بێ.





# ـــیاتی ئەڵقەی پەنجە

هاوســـەرگیری هەیە، ئەویش کاتێك کوڕ و کچێك لەگەڵ یەکتر رازی دەبن بۆ ئەوەی ببن بە هاوســـەری یەکتر، دەبێ بەشێکی پەنجەی یەکتری بخۆن بە گەززە، ئەمەش وەك هێمایەك بۆ هاوسەرگیرییەکی قوڵ و بەهێز. لـــە کاتی گەززە لێدانەکان (مەی) دەخۆنەوە بۆ ئەوەی هەســـت بە ئازارەکەی نەکەن!



# مۆدەی بۆیەکردنی گوێدرێژەکان

بێگومان گوێدرێژی کێوی ناســـراوە و، ئەمەش بەهۆی شێوە سەیرەکەی کە بریتییە لە چەندەها هێڵکاری رەش لە جەســـتەی، بە جۆرێك لە دوورەوە دەردەکەوێت، زیاتریش رەنگی ئـــەو گوێدرێژانە پێکدێت لە رەش و ســـپی، ئەوەی ســـەیر بێت هەمان گیاندارن لـــە پۆلەکانـــی گوێدرێژەکان، کەچی ئەو جۆرە گوێدرێژە بە کێوی دادەنرێت لـــەوەی بەرامبـــەر گوێدرێژی رەساســـی. وێنەکێشـــێکی ئوســـتراڵی توانیویەتی بە رێگەی بۆیە کـــردن، چەندەها گوێدرێژی خۆماڵی بکات بە کێوی و بۆ ئەوەی لەگەڵ گوێدرێـــژە کێوییەکان تێکـــەڵ بن و زاوزێ بکـــەن، ئەمەش بەهۆی ئـــەوەی گوێدرێژە کێوییـــەکان رۆژ بـــە رۆژ ژمارەیان کەمتر دەبۆوە لەم وڵاتە.







## مریشکێکی شێواو!

سـەیرترین دیمـەن دەبێتە ئەو دیمەنەی لە وێنەیەکی سـەیردا گیـراوە، بە جۆرێك دیمەنەکە جێگەی پێکەنین و سەرسـوڕمانی دەبێ، وێنەکە بریتییە لە مریشـکێکی شـێواو لە جیاتی لەسەر جووجەڵەکانی دانیشێت، کەچی لەسەر سەگێك دانیشتووە وادەزانێت سەگەکە جووجەڵەکانیەتی!

## ١٠٠ کەس لەسەر ئوتۆمبێلێک

ئەمە دەبێتــە یەکێك لە ســەیرترین دیمەنەکانی وڵاتی پاکسـتان، دیمەنەکە لە ڕێگەیەکی بـەرەو گوندەکانی ئەو وڵاتە دەچێ، بەهۆی نەبوونی هاتوچۆیەکی شیاو، نزیکەی ١٠٠ کەسێك تەنیا لەسەر ئوتۆمبێلێکدا سەرکەوتوون. ئەوەی سـەیر بێ لەگەڵ کەسـەکان چەندەها کەرەسـتە و شت و مەکیان لەسەر ئوتۆمبێلەکە هەڵگرتووە.






## نوکـــــتـە

☺ - جارێکیان منداڵێك نانی نەدەخـوارد، باوکی زۆر هەوڵی لەگەڵدا تاوەکو نان بخوات بێ سوود بوو، باوکەکە فێڵێکـی لێدەکات و هەندێك خـواردن هەڵدەگرێت و بە منداڵەکەی دەڵێت: وابزانە ئەوە ئوتۆمبێلە و دەمی تۆش گەراجی ئوتۆمبێلە.. منداڵەکەش دەڵێ: باوکە ناخۆم چونکە پارەی گەراجت نەداوە!


☺ - کوڕێك ناوی ســەردار دەبێت و دەچێتە شاری بەغدا، ئەو کوڕە عەرەبی بەتەواوی نازانێت. لێدەپرسن ناوت چییە؟ ئەویـــش دەیەوێت بە عەرەبی وەڵام بداتەوە و دەڵێ: اســمی (فوق الشجرە)!

## یاری جولانەوەی پیتەکان

دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەکجار لەم چوارگۆشانە، لە چوارگۆشـەیەك بۆ یەکێکی تر، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو کاتێك هەنگاوەکان تەواو دەبێت.

| ی | ۆ | ر | ا | د |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئاسانکاری: ئامێرێکە!　　وەڵامی پێشوو: (سامسۆنگ) بوو




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بەرامبەرەکەت پێویســتی بــە یارمەتی تۆ هەیە، دەبێت زیاتر بایەخی پێ بدەیت و زیاتر خۆشەویســتی خۆتی پێ ببەخشیت، ئەو لە چاوەڕانی تۆ دایە، بێ هیوای مەکە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئـەم ماوەیە بەخت دەبێتــە هاوڕێت، بەمەش لە زۆربەی بوارەی نەدا دڵخۆش دەبیت و سەرکەوتن بەدەست دێنیت، کاتی ئەوە هاتووە خۆشەویستی ژیانت داگیر بکات و پەیوەندیەك بێتە ئاراوە.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەندێك بیرۆکەت لە بەردەمە، وا باشە دوای ماوەیەکی تر جێبەجێیان بکەی ئێستا کاتەکە لە بەرژەوەندی تۆدا نییە، دەرفەتێك پێش بۆ دروستبوونی پەیوەندیەکی سۆزداری.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بەڕێژەیەکی زۆر پارە بە فیڕۆدەدەی، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەســەر ئایندەی ژیانت لە بواری ئابووریدا، کەسێك هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت بیشێوێنێت بەڵام ناتوانێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

تووشــی نا ئومێدی دەبی کاتێك هەڵوێســتی کەســانێك دەبینی کە هەرگیز پێشبینی نەدەکرد بەو شێوەیەبن بەرامبەرت، ئەگەر هەر گرفتێك لە نێوان تۆو خۆشەویستەکەت هەیە بەم نزیکانە چارەسەر دەبێت.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

دەربەڕینی هەســتی خۆت بۆ ئەو کەسەی لە دڵت دایە زۆر ئاســاییە، رازی دڵی خۆت بەو کەســە بێڵ و چیتر دوای مەچنە، پێویســتە ئارام بگری بۆ ئەوەی بەو شــتە بگەی کە بەردەوام خەونی پێوە دەبینی.

ئا/ هێمن قەسرەیی





## ئاســـۆیی:

١- ناوی یەکەمی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل
٢- شارێکە لە فەرەنسا (پ).
٣- کالشێو (ت).
٤- کاکوتا (ت).
٥- باشترین یاریزانی جیهان، گیاندارێکە.
٦- ناوێکە (پ)- نەوا (ت).
٧- چوار پیت لە (پاریس)- چوار پیت لە (پەروەر).
٨- بیبی (ت)- ناوێکە (پ).
٩- ڕێستورانتێکە لە هەولێر + پیتێك.
١٠- شەش پیت لە تۆرنادۆ).
١١- چوار پیتی یەکەمی (تامان) + نیوەی (دنیا).
١٢- ئیلیسا.

## ســـتوونی:

١-لە ناو ئاو نەبێتناژیت.
٢-یانەیەکیئیتالیە (پ).
٣-چوار پیت لە (بەسار).
٤-بارەگای سەرۆکی ئەمەریکا + یاریزانێکئیتاڵیە.
٥- نیوەی (کۆکاکۆلا (پ)- ئاسان (پ).
٦- ڕاست بە ئینگلیزی- هونەرمەندێکی لوبنانیە.
٧- چوار پیت لە (ئالان)- ناوێکە (پ).
٨- چوار پیت لە (تۆلدۆ)- ژمارەیان (٥١٣٢) لەدەمی مرۆڤدا (پ).
٩- ناوێکە + ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین.
١٠- ناوێکە (پ).
١١- چوار پیت لە (نەمام).
١٢-ڕەنگێکە.

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..




| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکە بۆ کەسێك کە گرژ بێت)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەکە دوو جارانی بکەیت ٨١ دەردەچێت)
- پیتی خانەکانی (٥+٦) کۆبکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی تاك)
- پیتی خانەکانی (٥+٤+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خەڵاتێکی فیلمە لە فەرەنسا پێشکەش دەکرێت)!


* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی ( گردعازەبان ) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
دیاریەکت بەدەســت دەگات لەلایەن هاوڕێیەکی خۆشەویســـتەوە، کارێکی جوانــە ئەگەر تۆش هەندێ جار هاورێ و کەســە خۆشەویستەکانت بە دیاری بەسەر بکەیتەوە.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
ئێســتا بارودۆخی ژیانت جێگیرە بە قۆناغێکی ئارامــدا تێدەپەڕێــت، هەوڵ بدە لەســەر ئەو بەرنامەیە بــەردەوام بیت کە ئێســتا پەیڕەوی دەکەی، هەفتەیەکی زۆر خۆش لە بواری ســۆزداری بەسەر دەبەی.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
بەڵێــن مەدە کە دەزانی توانــای جێبەجێکردنت نییــە، زۆربەی بەڵێنەکانت لە توانای تۆ دانین، کارێــك کە بە تۆ ناکرێت بڵــێ ناتوانم نەك بەو شــێوەیە ئەنجامی بدەی، خۆشەویستەکەت داوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەریت لێدەکات.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
یەکێك لە خۆشترین هەفتەکانی تەمەن بەسەر دەبەی و قەت لە یادی ناکەی، بە هەمان شێوە لە بواری ئابووریەدا بارودۆخی ژیانت باشتر دەبینین بەشێوەیەکی گشتی هەفتەیەکی زۆر خۆش دەبێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
دەرگای نوێت بەڕوودا دەکرێتەوە بۆ دەستکەوتنی کارێکی گرنگ، داوای یارمەتی بکە لە هاوڕێکانت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت لەو پرۆژەیەی بەنیاوی ئەنجامی بدەی.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
سەفەرێکت لە پێشە بەڵام حەزناکەی ئەنجامی بدەی، ئــاگاداری بــاری تەندروســتیت بەو پێویســتیت بە پشــوودان هەیە لەم هەفتەیەدا، پەیوەندیەکی سۆزداری لە ڕێگادایە.

hemntoni@yahoo.com